## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٠٦) لە ٢٠٢١/٧/٧

پشتبەست بە ئەحكامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی دارایی و ئابووری، و لەبەر ڕۆشنایی كۆنووسی كۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦١) لە ٢٠٢١/٧/٧، بڕیاردرا بە:

١. هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٣) لە ٢٠٢١/٥/٢٦.

٢. پەسەندكردنی پڕۆژە یاسای (هەمواری یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی كوردستان-عێراق ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠) بە ڕەچاوكردنی ئەو گۆڕانكارییانەی خوارەوە لەسەر دەقی ڕەشنووسەكە:

أ) هەمواركردنی ماددەی (پازدەم) لە ماددەی (یەكەم)ی ڕەشنووسەكە بەم شێوەیەی خوارەوە:

((بەڕێوەبەرایەتی گشتیی كاروباری دڵنیایی

.... دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی كاروباری دڵنیایی چاودێریكردنی كۆمپانیاكانی دڵنیایی و چالاكییەكانیان و بەدواداچوونیان لە ئەستۆ دەگرێت )).

ب) وێنەی ڕەشنووسەكە بە زمانی عەرەبی و هۆیەكانی دەرچوواندنی یاساكە لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی (أ)ی سەرەوە ڕێك دەخرێتەوە.

٣. ڕاسپاردنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان بۆ ئاڕاستەكردنی پڕۆژە یاساكە بۆ پەرلەمانی كوردستان بە مەبەستی تەشریعكردنی.

مەسرور بارزانی
سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران